
# هێزەکانی ئەمریکا هێرشێکیان ئەنجامدا دژ بە سەرکردەیەکی باڵای داعش



فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا دەڵێت، هێزەکانی سەرکردەیەکی باڵای داعشیان کردەتە ئامانج لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕۆژی دووشەممەدا و لەوانەیە کوشتبێت، فەرماندەییەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "فەرماندەکە دەستی هەبووە لە پلاندانان بۆ هێرشی تیرۆریستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئاماژەی بەوەشکرد کە هێرشێکی یەکلایەنەی هەلیکۆپتەری لە باکوری سوریا ئەنجامداوە کە لەوانەیە سەرکردەی گروپەکەی لەگەڵ دوو چەکداری دیکەدا کوشتبێت".

فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکا دەڵێت، هێرشەکە هیچ زیانێکی گیانی لە نێوان سەربازەکانی ئەمەریکا یان هاووڵاتیانی مەدەنی نەبووە و هیچ هەلیکۆپتەرێکی ئەمەریکیش زیانی پێنەگەیشتووە.